سندوقی وەبەرهێنانی سعودیە پلانی هەیە یانەیەکی وەرزشی خولی نایابی ئیتالیا بکڕێت



ڕۆژنامەی "کەریری دیللە سپۆرت" ئاشکرایکرد کە سعودیە بڕیارە دوای نیوکاسڵ یانەیەکی نوێی تڕپی پێ لە ئەوروپا بکڕێت، بەم ئەمجارە لە خولی ئیتالیا دەبێت.

سندوقی وەبەرهێنانی سعودیە پشتر پەیوەندی بە کڕینی ژمارەیەک یانەی ئیتالی هەبووە، بەتایبەتی ئینتەرمیلان و ڕۆما، بەتایبەتی یانەی ڕۆما لەم دواییانە هەڵبژاردەی جەماوەری بوو ئۆوش بۆهێشنایی هاوکاری گەورەی نێوان خاوەنکانی ئۆو یانەیە و کاربەدەستانی سعودیە.

ڕۆژنامەی "کەریری دیللە سپۆرت"ـی ئیتالی ڕوونیکردەوە کە ئۆو یانەیە ڕۆما و ئینتەر نیین کە سندوقی وەبەرهێنانی سعودیە نزیکە لە کڕینەوەی، بەڵکو یانەی تەرینە-یە کە ئێستا لەئەنجامکانی لە خولی ئیتالیا دەناڕەنێت، کە ئەم ئەنجامانە بووە هۆی تووڕەیی و ناڕەزایەتی گەورەی هاندەرانی ئەم یانەیە بەرامبەر بەڕێوبەرایەتییەکە، بەتایبەتی خاوەن و سەرۆکی یانەی تەرینو، ئوربانۆ کایرۆ.

ڕۆژنامەی "کەریری دیللە سپۆرت" ئاماژەی بۆدا کە تائێستا یانەکە بە فرۆشتن پێشکێش نەکراوە، بەڵام کاربەدەستە سعودییەکان بڕژەوەندی ئاشکرا بەپرسی کڕینەکە ئاشکرا دەکەن، ئاماژەی بۆشکرد کە نرخی داواکراو بە بەدەستهێنانی خاوەندارێتی یانەکە دەگاتە نزیکەی 250 ملیۆن یۆرۆ، بەڵام سەرۆکی یانەی تەرینە "کایرۆ" ڕازی دەبێت ئەگەر ئەفەرێکی 200 ملیۆن یۆرۆی پێبگات کە یەکسانە بە

بەهای مووچەی ساڵانەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە یانەی نەسر.

شایەنی ئاماژەپێدانە، ئێستەرەی تەپی پێ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە مانگی کانوونی دووەمی 2022 گرێبەستێکی لەگەڵ یانەی نەسر واژۆکرد کە بە ماوەی دوو وەرز و نیو درێژ دەبێتەوە بەبێ نیو ملیار یۆرۆ و باس لەسەر نوێکردنی گرێبەستێکی بە دوو وەرزی دیکە دەکرێت لەگەڵ یانەی نەسری سعودی، ئەمەش لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتایی گرێبەستێکی.